www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-10-2006 8:11

## تکایە ئەو قەفەسەی کە (سەدام) ی تیادا دادگای دەکەن، لە نێوی مەبەن! ... ئارام عەزیز



ئەو کەسەی پەند لە رابردوو وەرنەگَرێت، کەڵك لە داهاتوویش وەرناگرێت. وەك ئاشکرایە، لە گەلێك لە دەسەڵاتدارانی ئەمرۆ دەرس لە مێژوو وەرناگرن بۆیە ئایندەی فەرمانرەواییان لە قەفەسی دادگادا کۆتایی دێت. لێرا، بۆ نمونە، نە سەدام و دارو دەستەکەی و، نە ئەوانی پێش ئەوان و، نە ئەمانەیش کە ئێستا شوێن نشینی ئەوانەن کە ئەمرۆ لە قەفەسی دادگادا زەلیل و ریسوان، پەندیان لە مێژوو وەرنەگرتووە! گومان لەوەدا نیە کە وەرچەرخانێکی جیهانی لە پشت داروخانی رژ ێمی بەعسەوە بوو، بەڵام ناکرێت ئەو راستیەش فەرامش بکرێت کە مللهوری رژێمی سەدام گەلانی عێراقی گەیاندە لوتکەی بێزاری، بۆیە چارەنووسی رژێمەکەی لە کونجی ئەو قەفەسەدایە. دیارە گرنگی و بیرەوەریەکانی ئەو قەفەسە تەنها دادگایکردنی سەدام و دەست و پێوەندەکەی نیە، بەڵکو پەند و یادگاری و بە بیرهینانەوە و مێژوویەکی دوور و درێژیشی لێ بەدیدەکرێت!

گەر چی ئێستایشی لە گەڵدابێت، ئەو دارو دەستەیە نەك هەر شەرمەزاری دەرناخە، بەڵکو لە قەفەسی تاوانیشدا خۆیان بە سەرکردەو سەرکەوتوو دەزانن! ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرانی رژێمی بەعسی لە ناوچوو هێشتاپەندیان لە مێژوو وەرنەگرتوو، بەڵام ئومێدم وایە کە سەرکردایەتی ئەمرۆی کورد هەڵەی لەو شێوەیە نەکات، چونکە پێم وانیە کە رێبەرانی ئێمە (سەد یەکی 1%) ئەوەی سەدام بۆ عەرەبی کرد، بۆ گەلی کوردیان کردبێت.. بۆیە زۆر گرنگە بۆ سەرکردایەتی کورد، تا کار لە کار نەترازاوە، چاوێکی لێپرسراوانە بە کردارەکانی خۆیان و دەست و پێوەندەکانیان دا بخشێنن و، چارەسەێکی بنەرتی بۆ گەندەڵی و خراپی بەکارهێانی دەسەڵات و کوتلەگەری و بێ سەر و بەری و هتد. لە ریزەکانی دایرەو دەمەزراوە حکومی و حزبیەکان بدۆزنەوە، ئەگینا نارەزایی گەلی کورد بەرامبەر بە کردەوەکانی سەرانی ئەمرۆ کورد، گەیشتوەتە لوتکە!

وەك لای هەمووان ئاشکرایە، لە سەردەمی رژێمی بەعسدا جگە لە کۆمەڵێك تکریتی، رەنگە چەند پێر و کوتلەیەکی دیکەی هەبوایە، بەڵام کەس بۆی نەبوو بە شێوەیەکی زەق هێلی سوور و سنووری دەستەڵات ببەزێنێت. سەد مخابن، کەچی ئەمرۆ لە ناو خودی هەر پارتێکی کوردستان دا پێر و کوتلەی تکریتی و بەعس ئاسای ئەو تۆ بە دیدەکرێت، نەك هەر دەستکەوت و دەسەڵاتیان لە سنوور بەدەرە، بەڵکو هیچ رێزێکیش بۆ ئیرادەی گەل و خوێن و خەبات کورد دانانێن و، خۆیان لە سەرووی یاساوە دادەنێن، بۆیە لێپێچینەوەیش لە گەڵ ئەو کەسانەدا هەر لە گۆرێ نیە!

رەنگە لە سەردەمی رژێمەکەی سەدام دا لێپسینەوە لە گەڵ ئەو گەورە لێپرسراوانەدا بکرایە کە ئاستی دەستکەوت دەستەڵاتیان سنووری دەبەزاند، بەڵام ئایا کەس دەتوانێت لە گەرە بەرپرسێکی یەکێتی، یان پارتی بپرسێت، ئایا پارەی ئەم هەموو بازار و کۆشك و تەلەرەت لە کوێ هێنا؟ بۆی هەیە لە ناو پارتی دا لێپرسینەوە لە گەڵ ئەو کەسانەدا بکرێَت کە لە دەرەوەی هەردوو بازنگەکەی بنەماڵەی بارزانی دا بن (بازنگەی کاك مەسعود و بازنگەی کاك نەچیرەڤان، ) بەڵام لە ریزەکانی یەکێتی دا دەسەڵاتی ناوەند هێندە لاوەزە، نەك هەر لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی بێ سنووری لێپرسراوانی سەر بە"کوتلەی شەرقی، یان غەربی" (پێری مام جەلال و، پێری کاك کۆسرەت) بوونی نیە، بەڵکو سەرچاوەی

ئابوری بەرپرسێکی ئەو لایەنە (جا چ لە ریزی حزب دا بێت یان حکومەت، ) گەیشتووەتە ئاستێکی ئەوتۆ کە شێوازی نەخشە و دروستکردنی خانووەکانیان شان دەدات لە شانی ئەهرامەکانی میسر!

وێرای دەستگرتن بە سەر هەموو سەرچاوەکانی ژیان دا لە کوردستان، کەچی لە باری سیاسیشەوە ئەوسازشەی کە ئەم سەرکردایەتیەی ئەمرۆی کورد بە چارەنووسی گەلەکەیەوە دەکات، لە فەرهەنگی کوردیدا هیچ رێستە و وەشەیەك نیە کە نووسەر بتوانێت مانا و هاوسەنگی و (تەعبیری) پێدەرببرێت! رۆژانە سەرکردە عەرەبە عیراقەکان لە بەغدا گوتاری جۆرا وجۆر دەدەن و، زۆربەی ئەو گوتارانەیش دژ بە کورد و بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کوردن، کەچی سەرانی کورد وەکو پێویست هەڵوێست نانوێن. لە کاتێکدا کە عەرەب لە بەغدا سووکایەتی بە کورد و وولات و، ئەو شۆرش و پێشەرگە و شەهیدانە دەکات کە ئێوەی گەیانەدە بەغدا، لەژێر فشاری عەرەبی سنوونەدا دەستووری نوێی عیراق بە مادەی (148) یش وە دەستکاری دەکرێت و، تا 18 مانگی دیکەیش باس لە فیدراڵی قەدەغەیە و، وێرای ئەوەیش رۆژانە رووبە رووی دەیان رەخنە و پرسیاری نا بەجێی عەرەب دەبنەوە، ئەدی بوون و رۆڵی ئێوە لە بەغدا بۆ کورد کەڵکی چیە؟ پێم ناڵێن تاکەی نەفرەت لە کورسیەکانی ئەو پایتەختە رەشەی ئیراق ناکەن و ناگەرێنەوە بۆ کوردستان؟

بەپێچەوانەی هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد، ئەگەر رەخنە لە سەرکردەیەکی عەرەب لە لایەن هەر کەس و وڵاتێکەوە بگیرێت، یان وڵاتانی دەراوسێ سنوری عیراق (جگە لە کوردستان) ببەزێنن، وێرای ئەوەی کە عەرەبی ئیراق بە شیعە و سوونەوە دەکەوونە هات و هاوار و هەرەشە، وولاتانی عەرەبیش نیگەرانیان خویان دەردەبرن و ولام دەدەنەوە، کەچی سەرانی کورد بۆ دەرخستنی"ئەرکێکی عیراقی بوونی" خۆیان، پێش عەرەبەکان بەدەنگ دێن! بەلام رۆژانە ئێران و تورکیا بە ئارەزووی خۆیان سنووری کوردستان لە زەووی و ئاسمانەوە ئەبەزێنن و، دانیشتوانی سەر سنوورەکان راو دەنێن و شەهید و بریندار دەکەن، ئایا تائێستا لەو بارەیەوە عەرەب چ هەڵوێستێکی نواندوە؟

باس لەوە هەر ناکرێت کە ئەوەی تورکیا بە مام جەلالی بەناو " سەرۆك کۆماری عیراقی" کرد لە سەر ئەو " هەڵیەی" کە گوتی: با وولاتانی دەراوسێ دەست لە کاروباری عیراق بەرنەدەن، چونکە ئەگەر ئەوە بە سەرکردەیەکی عەرەب بکرابایە، ئەوا عەرەب بەشمشێرەوە سەر سنووری تورکیای دەگرت.

هەر بۆ زیاتر سووکایەتی کردن بە گەلی کورد و سەرکردایەتیە لاوازەکەی ئەمرۆی، لە 26-9- 2006دا 2 پەرلەمانتاری تورك، تۆران جۆمز لە پارتی دەسەڵاتدار (AKP و زیا دیرن لە (CHP، واتا پارتی گەلی کۆماری بەرهەڵستکار، لە سەردانێکی چاوەروانەکراو دا و، بە بێ ئاگاداری پێشینی سەرکردایەتی کوردستان، لە فرینگەخانەی هەولێر دابەزین! لە جیاتی رێگە پێنەدا و رەخنەگرتن لەو سەردانە، کە لە یاسای هیچ وولاتێکدا رێگە بە سەردانی شاندێك سیاسی بەو شێوەیە نادرێت، لە هەولێر میوانداریەکی گەرمیان لێکرا و، پاشان بەرەو کەرکوك بە رێخران بۆ ئەوەی لە باردۆخی تورکان بگەن!

بەپێی هەواڵی (نوی ئەناتۆلیان) ئەو شاندە تورکە بێ شەرمە بە گەشتنیان بە بارەگای ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك، وێرای سووکایەتێکی زۆر بە کورد، ئەو نەخشە مێژوویەی کوردستان کە لە ژووری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك دا هەڵواسترابوو، هێناویانە بەخوارەوە!!! تۆران گووتیەتی: ئەو نەخشەیە بەشێك لە تورکیای تێدایە، ئەوەیش قبووڵ ناکرێت.. بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەنەی پارێزگا، (کە رزگارعەلی) ە، بۆ پاکانەکرد بەرامبەر بە تورکەکان گوتیەتی: ئەو نەخشەیە لە بریتانیاوە هێنراوەو، ئەوە تەنها شتێکی مێژووییە و پەیوەندی بەم بارو دۆخەی ئێستاوە نیە.. :!! ئایا هاتنی ئەو شاندە تورکە بۆ کوردستان و بێدەنگی لەو کردارە سوکایەتی بە گەلی کورد و، ئەو پەری سازشی سیاسی و شەرمەزاری نیە بۆ سەرکردایەتی ئەمرۆی کورد؟!

ئاشكرایە كە ئەمرۆ سەدام و دارودەستەكەی لە قەفەسی تاواندا شەرمەزاری گەلی عەرەب و مێژوون چونكە بە راست و رەوایی رابەرایەتی گەلی خۆیان نەكرد. دیارە من نە گەلی كورد بە عێراقی دەزانم و، نە سەرانی بەعسی ئەو سەردەمەیش بە سەركردایەتی كورد ناوزەنگ دەكەنم و، نە مەبەستیشم ئەوەیە كە ئەوەی سەدام بۆ عەرەبی كرد، لە گەڵ ئەوانە سەركردایەتی كورددا بەراورد بكەم، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە، پەیامێكە بۆ ئەوانەی كە ئەمرۆ رێبەرایەتی كورد دەكەن... گەر لە هەموو بوارەكان دا بە خۆیاندا نەچنەوە، ئەوا بە دووری نەزانن كە رۆژێك دێت گەلی كورد داوای دادگایكردنی ئەم سەركردایەتیە لە هەمان قەفەسدا بكات كە سەدام و دەستە مرۆڤ-كوژەكەی تیادا دادگای دەكرێن!
بۆیە ئەڵێم تكایە ئەو قەفەسەی كە (سەدام) ی تیادا دادگای دەكەن، لە نێوی مەبەن!